ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ١٩٨٨ مەلا عوسمان : بەشداری مەکەن لە هێرش بردنە سەر هەڵە بجە

ئەمەی خوارەوە نامەی مامۆستا مەلا عوسمان رابەری پێشووی بزووتنـەوەی ئیسلامی لـە ١٩٨٨ کـە فـەرمانی دابـوو بەشداریی هێرشکردنە سەر هەڵەبجە چونکە کارەساتی لێ دەبێتەوە بە دەستی بەعس.

بسم الله الرحمن الرحیم

٢٤ رجب

١٩٨٨/٣/١٢

برای خۆشەویستم مەلا عەلی.. سەلام و دوعام هەیە بۆ هەموو برایانی موجـاهید بەتایبـەتی کـاك مـەلا ئەحمـەد.. سـەبارەت بـە بەشـداری ئێمـە لـە هجـوم بـۆ سـەر هەڵەبجـە، دوێـنێ بۆتـانم نووسـیبوو لەمباریـەوە وە جـارێکی تـر دەینووسمەوەو ئەڵێم: ئەم کارە مەکەن و بەشداری تیا مەکەن من مەسئوولیەتی بەشداری نەکردنەکە ئەگرمـە ئەسـتۆ، لای ئێرانی‌یەکان و ئەوانی تر. بەهەموو برایان بڵێ بەشداری کردنەکە ئاساری خراپ و ئەنجامی نابەدڵی تیایـە. راسـتە سەیتەرەکردن بەسەر هەڵەبجە زۆر ئاسانە بەڵام ئێوە ئەزانن کە حیزبی بەعسی کافر چۆنـەو رقیشـی لـە هەڵەبجەیـە و گومانی تیا نییە کە بە هەموو چەکێك لێ ی ئەداو وێرانی ئەکا. ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە لەگەڵ ئێران کە هەڵەبجـە لە تۆپباران بپارێزین. هەڵەبجەو دەوروبەری مەرکەزی هێزی ئێمەن ئەگەر وێران کرا.. دەورمان چی ئەبێ؟

لەگەڵ ئەم نامەیەمدا شێخ عبداللطیف قسەت بۆ ئەکاو پێت رائەگەیەنێ کە ئێمە لەم هجومەدا بەهیچ شێوەیەك بەشداری ناکەین جارێکی تر ئەڵێمەوە ئەبێ بەشداری تیا نەکەین و من ئەم مەسئوولیەتە هەڵ ئەگەرم..

بەخواتان ئەسپێرم والسلام علیکم

براتان

عثمان عبدالعزیز

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

بسم الله الرحمن الرحيم

٢٤/رجب/
١٩٨٨/٣/١٢

براى خوشەویست مەلا علي .. سەلام و رحمة دیمە بو هەموو برایانی موجاهید بەتایبەتی كاك مەلا احمد .. سەبارەت بەبەشداری ئێمە لە هجوم بو سەر هەلەبجە .. وینەی بو تانم نووسیوە لەم بارەیەوە وە جارێكی تر دووبارەی دەكەمەوە : ئەم كارە مەكەن و بەشداری تیا مەكەن من مەسئولیەتی بەشداری ناكەم تەنها ئەگەر ئەمرو ولاتی ئێرانی بكەن و ئەوانی تر .. بە هەموو برایان بلێ بەشداری كردنەكە ئاساری خراپی ئەبێ جاریش تا بەدلنی تیایە .. راستە سەیتەرە كردنی ئەمەر هەلەبجە زور ئاسانە بەلام ئیوە ئەزانن كە حیزبی بەعس ئاماجی چونە ناو هەلەبجەیە .. ئومانی تیا نیە كە بە هەموو چەكێك لێی ئەدا و ویرانی ئەكا .. ئیمە بەردەوام عەوەلمان داوە لەگەڵ ئێران نە هەلەبجە لە تیباران بپارێزن .. هەلەبجە و دەوروبەری مەركەزی هێزی ئێمەیە ئەگەر ویران كرا .. دەورمان چی ئەبێ ؟

لەگەڵ ئەم نامەیەدا شیخ عبد اللطیف قسمەت بو ئەكا و پێت رائەگەیەنێ كە ئێمە لەم هجومەدا بە هیچ شێوەیەك بەشداری ناكەین جارێكی تر ئەلێمەوە ئێمە بەشداری تیا ناكەین و من ئەم مەسئولیەتە هەل ناگرم ..

بەخواتان ئەسپێرم والسلام علیكم

برایان
عثمان عبد العزیز